# ئیسلام و عوروبە



حەمە سەعید حەسەن

چەندان ملیۆن خەلک لە ئەوروپا و گەلێ جێی دیکەی دنیا، دژی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق رژانە سەر شەقامەکان. ئەو خەڵکە دۆستی بەعس نەبوون، ئاشتیخواز و دژ بەجەنگ بوون، بەڵام شێوەنی عەرەبە نەتەوەپەرستەکان و موسلمانە توندڕۆکان بۆ ئەوە بوو، دەیانزانی بە مردنی مانگای بەعس، ئیدی هیچیان لە دۆی داهاتی عێراق پێ نابڕێت.

لە کوێتی دراوسێی عێراق ژن مافی دەنگدانی نییە، لە ئەمەریکای داگیرکەری عێراق، تاوانبار مافی دەنگدانی نییە، نازانم کێ بوو، دوای نۆی ئەپریل گوتبووی، ئەگەر هەڵبژاردنبکرێت، بەعس دەیباتەوە؟ بۆ ئەوەی بەعس نەیباتەوە پێویستە بەعسی مافی دەنگدانی نەبێت، ئاخر هەموو بەعسییەک تاوانبارێکی ترسناکە، ئاخر تاوانباری ئاسایی لە چاو بەعسیدا پەپوولەیە.

**مارتین لۆتەر کینگ دەیگوت:** گەڕان لە دوای بەرژەوەندی ئابووری، جەنگ و جەنگیش راسیسزمی لێ دەکەوتێەوە، بەعس بە سامانی کوردستان کە دەستی بەسەردا گرتبوو، رەگەزپەرستانەترین جەنگی بەسەر کورددا سەپاندبوو، بۆیە ئەوی پاساو بۆ بەعسیبوون دەبینێتەوە، ئەگەر کۆنە رەفیق حیزبی نەبێت، ئەوا بە هۆشیارییەوە سووکایەتی بە قوربانییەکانی دەستی بەعس دەکات.

(**شەوەزەنگ سەر لە ئێوارە دیارە**) بەوەدا ئەنجوومەنی حوکم، رۆژی ژنانی لە هەشتی ئاداراوە بۆ رۆژی لە دایکبوونی فاتیمەی کچی پێغەمبەری ئیسلام گۆڕی و لە بواری بەخشینی رەگەزنامەی عێراقیشدا، عەرەبی بە چاکترین ئوممەتی سەر زەوی لە قەڵەم دا، لە گومان بەدەرە، دەستووری داهاتوو هێندە توند هەردوو دەستی ئیسلامی سیاسی و عوروبە لە بەر بینی خەڵکی عێراق گیر دەکات، تا نەیتاسێنێت، بەری نادات.

ئەرکی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان هەر لە خاچی سوورەوە، تا پزیکشانی بێسنوور، ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانەیە کە ئەمەریکا کاولیان دەکات، هەرچی ئەمەریکا بیدڕێنێت، لایەنێکی خێرخواز پەیدا دەبێت پینەی بکات، دەزانم ئەمەریکا چی بە ژاپۆن و ڤیتنام و چیلی کرد، وەلێ بریا وەک بەعسی رووخاند، ئەرکی نووسینەوەی دەستووری داهاتووی عێراقیشی لە ئەستۆ گرتبا، چونکە مۆدێلی ئەمەریکایی بە هەموو خەوشەکانیشیەوە هێشتا زۆر لە شێوازی ئیسلامی سیاسی و عەرەبی، ئینساندۆستترە.

پێش نۆی ئەپریل باشووری کوردستان هەر بەدەست عوروبەوە دەینالاند، ئەگەر جارێ سەربەخۆیی نەدەین، لەمەودوا عوروبە تێمان هەڵدات و ئیسلامی سیاسیش بۆی دەسەنێتەوە، ئسیلامی سیاسی و عوروبە میللەت نییە، بەرگەی حوکمی یەکیکیان بگرێت، تۆ بڵێی کورد، هێندە شێر بێت، شان بداتە ژێر باری دژواری هەردووکیان!■